## یادی مەرزیەی خۆشەویست لە یۆتۆبۆری

ئەمرۆ یەکشەممە 2ی ئۆکتۆبری 2005 لە شاری یۆتۆبۆری سوێد، لەسەر بانگەوازی کۆمەڵە و بە هاوکاری چەندین لایەنی سیاسی و کولتووری کوردی، ڕێورەسمێکی شکۆدار بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە هۆگرانی دەنگ و کەسایەتی و هەڤاڵانی کۆن و هاوسەنگەرانی مەرزیە، بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو هۆنەرمەند دەگمەن و بوێرەی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕێورەسمەکە بە ڕاگرتنی دەقەیەک بێدەنگی بۆ یادی مەرزیە دەستی پێکرد، بێدەنگیەکە بە گۆرانی شەش پەپوولەکەم بە دەنگی مەرزیە، شکا. پاشان هاوڕێ ئەسعەد درودی وتاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی پێشکەشی بەشداربووان کرد، دواتر وتاری حکومـــــەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرا، چەند لایەنی سیاسیتر (یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ، پارتی دمۆکراتی کوردستان ، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ) و کۆمیتەی ژنان لە شاری یۆتۆبۆری وتاری خۆیانیان پێشکەش کرد. پاشان کاک نەجمەی غۆڵامی کە بە ناوی خۆی و کاک ناسر رەزازی و بنەماڵەی مەرزیەوە بەشداری ڕێورەسمەکە بوو وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبوان کرد. مەراسمەکە بە هۆنراوە و پەخشان درێژەی پێدرا، شاعری ناسراو کاک ئەحمەد بازگر یەکێک لەو بەڕێزانە بوو کە پەخشانێکی بۆ یادی مەرزیە خوێندەوە.

* **ئەو لایەنانەی بەشدار و یارمەتیدەری بەڕێوەبردنی ڕێورەسمەکە بوون** :

کۆمیتەی ریفراندۆم لە یۆتۆبۆری

ڕێکخراوی ABF ی سوێدی

کۆمەڵەی سۆسیال دیمۆکراتی کوردی لە یۆتۆبۆری

ناوەندی کولتور و خوێندنی کوردی لە یۆتۆبۆری

کۆمەڵەی ئاشتی و دمۆکراسی کەرکوک

یەکیەتی لاوانی دمۆکراتی کوردستان

* **ئەو لایەنانەی وا بەناردنی بروسکە بەشدار بوون** :

کۆمەڵەی کولتوری بروسکەی رۆژهەڵات

کۆمیتەی کارگێڕی کۆمەڵەی کوردی لە شاری یۆتۆبۆری

رادیۆ دیالۆگ

چەن بنەماڵە لە بنەماڵەی هاوڕێیانی گیان بەختکردوی کۆمەڵە لە دیواندەرە و سەقز

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جامعه یارسان یۆتۆبۆری

یەکگرتوئ ئیسلامی کوردستان- یۆتۆبۆری

لە بەشی دوهـــــــەمی بەرنامەکەدا هۆنەرمەند ئەردەشیر زبەردەست بە پارچە مۆسیقایەک هەستی خۆی بۆ لەدەسچونی مەرزە دەربڕی، هەروەها کۆرێکی منالآن کە کاک ئەردەشیر رای هێنابوون گۆرانی شەش پەپولەکەم و سروودی خوایا وەتەن ئاوا کەی یان خوێند.

پاشان هۆنەرمەند فەریبۆرز کەرەمی و گرووپی فارابی (هۆنەرمەند شەهریار بە نەی ، هۆنەرمەند مەسیح بە زەرب ) بەرنامەی گۆرانی و سروودیان بوو بە یادی هۆنەرمەندەی کەم وێنە مەرزە، پێشکەش کرد.

گۆرانیەکی هۆنەرمەند فەرزین هەورامی دوا برگەی رێورەسمەکە بوو.

بەرز و بەرێزە یادی هۆنەرمەندی خۆشەویست مەرزەی فەریقی

کۆمیتەی یۆتۆبۆری کۆمەڵە 03-10-2005

**Commite of komala in Göteborg**
**Tel : 0704 905 812 - 0704758070**
**Adress : Box 101 post nr 424 23**
**Angered Göteborg**
**E . mail : komala.gbg@gmail.com**

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version [www.pdffactory.com](http://www.pdffactory.com)







PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com






PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com